Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

# لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی
# مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان

وەرگێڕانی: مافناس عبدالقادر عارف ئەبوبەکر

2009

چاپخانەی کارۆ
تیراژ 500دانە
ژمارەی سپاردن:
چاپی یەکەم .. 2009

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

**لانی کەمی بنەما نموونەییەکانی مامەڵەکردنی بەندکراوەکان**

کۆنگرەی یەکەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی تاوان و مامەلەکردن لەگەڵ تاوانباراندا پشتی پێبەستووە، کەلەجنێف ساڵی 1955 بەسترا، و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەهەردوو بڕیاری (663)(د–م24) لەبەرواری 31/تەمووز /1957 و (2076)(د–62) و لەبەرواری 13/ئایار/1977 دانیپپێدانا.

**ناوەرۆك**

**تێبینی سەرەتایی**

مەبەست لەم ڕێنماییانەی کە هاتوون پێشکەشکردنی باسێکی فراوانی سیستمی نموونەیی نییە بۆ بەندیخانەکان، بەڵکو هەموو هەوڵی بۆ ئەو دیاریکردنەیە، لەسەر بناغەی ئەو وێناکردنە ساکارەی کە بۆ پەسەند کردنی هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕۆژانەدا، وە ڕەگەزە بنەماییەکان لەسیستەمی ئەمرۆدا چاکسازی زیاترە و بەباشترین بنەماو ڕێسای زانستی دائەنرێ لەمامەڵەکردندا لەگەڵ بەندکراوان و کارگێری بەندیخانەکان، بەهۆی ئەو بارودۆخە یاسایی و کۆمەڵایەتی و جوگرافییەی لەهەموو جیهاندا هەیە هەمەجۆرێکی زۆری پێوە دیارە، لەتوانادا نییە ئەم بنەمایانە لەهەموو شوێنێك جێبەجێ بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەخوازرێ کە هاندانی تیادا بێت بۆ ئەو هەوڵ و کۆششە بەبەردەوامی بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپە زانستیەکاندا کە دێتە ڕێگای، ئەویش لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایانادا، لەو ڕوانگەیەوە کە نمایشی کەمترین مەرجەکانی کەنەتەوە یەکگرتووەکان دانی پێدا ناوە و دەشێ و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن پاشان ئەم ڕێسایانە لەڕوییەکی ترەوە باس لەپێگەیەك دەکات کە بۆچونەکان تیایدا لەپەرەسەندنێکی بەردەوامدا ئەمێنێتەوە. ئەمەش سەرئەنجام تاقیکردنەوەو پراکتیزەکردن بەدوور ناگرێت تا ئەو کاتەی کە هەردووکیان هاوتابن لەگەڵ ئەو بنەمایانەی کۆمەڵە ڕێساکانی لێوەردەگیرێت بەگشتی لەگەڵ هەوڵی جێبەجێکردنی مەبەستەکانیدا و بەم گیانەوە هەمیشە کارگێڕی فەرمانگەی بەندیخانەکان مافی ئەوەی دەمێنێ کە ڕێگە بە دەرچوون بدات لەم ڕێسایانە بەشێوەی بەدەر لێی .

1–بەشی یەکەم" لەم کۆمەڵەدا باس لەو ڕێنماییانە دەکات کە پەیوەندیدارە بە کارگێری گشتی بۆ دەزگا سزاییەکان، ئەمەش لەسەر هەموو جۆرە بەندکراوێك جێبەجێ دەکرێت ،ئەگەر چی هۆی بەندکردن بریتی بێت لەتاوانکاری یا مەدەنی، ئەگەر تۆمەتباربێت، وە ئەوانەشی بەتۆمەتی مەسەلەی ئاسایش دەگیرێن یاخود هۆکاری چاکسازیان لەگەڵ دەکرێ کە دادوەر بڕیاری ئەدات.

2– بەشی دەووەم" ئەو ڕێسایانە دەگرێتەخۆ کە پەیڕەو ناکرێ تەنها بەسەر ئەو جۆرە بەندکراوانەدا نەبێ کە هەر یەکە لەلقەکانی دەیانگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێسایانەی کە لەلقی (ئەلف)دا هاتووە سەبارەت بەو بەندکراوانەی کە تۆمەتباران جێبەجێ دەکرێت لەسەر ئەو جۆرە بەندکراونەشدا کە لقی(ب) و(ج) و (د) دەیانگرێتەوە لەوسنورانەدا کە بە پێچەوانەی نابێت لەگەڵ ڕێسا تایبەتیەکانی ئەم جۆرە بەندکراوانە وە هەروەها لەبەرژەوەندیاندا بێت.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

3- ڕێساکان هەوڵ نادەن کارگێڕی دەزگا تایبەتیەکانی نەوجەوانە گوناهبارەکان ڕێکخەن (وەك خانەی چاکسازی و پەیمانگای پەروەردەکردن ئەوانەشی کە لەم بابەتەن) لەگەڵ ئەوەشدا بەشی یەکەم لەم ڕێسایانە گونجاوە بۆ پەیڕەو کردنی بەسەر ئەم دەزگایانەدا.

4-پێویستە جۆری نەوجەوانە گیراوەکان وا دابنرێ کە گشتگیر بێت بۆ لایەنی کەمی هەموو ناکامەکان ئەوانە کە لەژێر سایەیی دەسەڵاتی دادگاکانی نەوجەواناندان. وە پێویستە ڕێسای گشتی ئەوە بێت کە بڕیاری سزای گرتن بەسەر ئەم جۆرە گوناهکارە بچوکانەدا نەدرێت.

بەشی یەکەم

بنەما گشتیەکانی جێبەجێکردن

ئەو ڕێسایانەی بەگشتی جێبەجێ دەکرێت

بنەما بنچینەییەکان

5-ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە جێبەجێ دەکرێن بە شێوەیەکی بێ لایەن،وە بە هیچ شێوەیەك نابێت جیاوازی بکرێت لەمامەڵەکردندا بە هۆی ڕەگەز یان ڕەنگ یان جەندەر یان ئاین یان بۆچوونی و بیروڕای رامیاری یان نارامیاری، یان سەرچاوەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی یان شوێنی لەدایك بوون یاخود هەر بارێکی تر.

6-لەهەمان کاتدا زۆر پێویستە ڕێزی باوەڕە ئاینیەکان و بنەما ڕەوشتیەکانی ئەو گروپە بگیرێت کە بەندکراوەکە سەر بەو گروپەیە.

## تۆمار

7-1-لەهەر جێگایەکدا کە بەندکراوی لێ بێت پێویستە تۆمارێك تەرخان کرابێ و لاپەرەکانی ژمارەی بۆ دانرابێ و ئەو زانیاریانەی کە لەخوارەوە هاتوون سەبارەت بە هەر گیراوێك هە بێت.

أ-ووردەکاریەکانی پێناسەکەی.

ب-هۆی بەندکردنی و ئەو دەسەڵاتە تایبەتمەندەی کە بڕیاری لەسەر داوە.

ج-ڕۆژو کاتژمێری چوونە ژوورەوەی بەندیخانە وەهەروەها بۆ کاتی بەردانی.

2-هیچ کەسێك وەرناگیرێ لەهیچ دەزگایەکی سزایی بەبێ فەرمانێکی گرتنی یاسایی و ووردەکاریەکانی پێشتر لەتۆمارگەدا نوسراوبێتەوە.

جیاکردنەوەی نێوان گروپەکان

8-گروپە بەندکراوە جیاوازەکان لەدامەزراوەی جیاوازدا دادەنرێن یان لەبەشی جیاواز لەیەك دەزگادا لەگەڵ ڕەچاوکردنی جێندەر و تەمەنیان و تۆماری رابووردویان وە هۆکاری گلدانەوەیان و پێداویستیەکانی مامەڵەکردنیان ،وە لەو بارەیەوە:-

أ-پیاوان و ژنان بەند دەکرێن بەپێی توانا لەدەزگای جیاوازدا و لەکاتێکدا دەزگایەك هەبێ کە پێشوازی لەهەردوو ڕەگەزەکە بکات لەیەك کاتدا ئەوا زۆر پێویستە کە تەواوی ئەو شوێنانەی تەرخانکراوە بۆ ژنان بە تەواوی دابڕاو بێت.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

ب–ئەوانەی کە بەشێوەی کاتی دەگیرێن پێویستە جیابکرێتەوە لەو بەندکراوانەی حوکمیان بەسەردا دراوە.

ج–ئەو کەسانەی بە هۆکاری تاوانی بەراییەوە گیراون و لەگەڵ ئەوانەی لەسەر قەرزاری گیراون جیادەکرێنەوە لەبەندکراوەکانی بەهۆکاری تاوانکاریی حوکمدراون.

د–نەوجەوانان لەگەورەکان جیادەکرێتەوە.

شوێنەکانی دەست بەسەراگرتن:–

1/9–لەهەر شوێنێکدا گرتوخانە هەبێ یان ژووری تاکەکەسی هەبێت بۆ نووستن نابێت لەشەودا لەیەك بەندکراو زیاتری تێبکرێت ئەگەر بە هۆکارێکی لەرێسا بەدەر ئەمە ڕوویدا وەك قەرەباڵغی کاتێ کە کارگێڕی بنکەی گرتووخانە ناچار بکات کەلەم رێسایە دەرچێت ئەوە پێویستە خو لابدات لەدانانی دووگیراو بەیەکەوە لەزیندانێکی یان ژوورێکی تاکەکەسیەوە.

2–لەهەر شوێنێکدا جێگەی خەوتن بەکابهێنرێت، پێویستە لەلایەن کەسانێك بەکاربهێنرێت لەبەندکراوەکان کە گرنگی بدرێت بەهەڵبژاردنیان لەڕووی توانایانەوە بۆ بەیەکەوە ژیان لەم بارودۆخەدا. پێویستە لەشەودا لەژێر چاودێری دابن بەبەردەوامی بەپێی سروشتی دەزگاکە.

10–ئەو ژوورانەی کە ئامادەدەکرێن بۆ بەکارهێنانی بەندکراوەکان وە بەتایبەت ئەو ژوورانەی دانراوە بۆ خەوتنی شەوانە، دەبێت هەموو پێداویستیەکی تەندروستی بۆ ئامادە بکرێ، لەگەڵ چاودێری بارودۆخی کەش و هەوادا، بەتایبەت قەبارەی هەوا لایەنی کەمی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ هەر بەندیخانەیەك و ڕووناکی و ساردی و گەرمی وە جوڵانی هەوای تێدابێت.

11–بەندکراوەکان لەهەر شوێنێکدا بن پێویستە ژیان بەسەر بەرن و کاربکەن بە:–

أ– پێویستە پەنجەرەکان ئەوەندە فراوان بن بە ئاستێك کە بەندکراوەکان بتوانن ڕووناکی سروشتی بەکاربهێنن بۆ خوێندنەوە و کارکردن دانراِبن بە شێوازێك کە ڕێگابدات بەهاتنە ژوورەوەی هەوای پاك، جا ئەگەر هەوا گۆڕی دەستکرد هەبێت یان نەبێت.

ب–پێویستە ڕووناکەرەوەی دەستکردی پێویستمان هەبێت بۆ ئەوەی بەندکراوەکان خوێندنەوە و کارکردنیان ئەنجامبدەن بەبێ ماندووبوونی چاویان.

12–دەبێت ئاودەستەکان وا دانرابێت کە هەر بەندکراوێك بتوانێ پێویستییە سروشتیەکانی خۆی جێبەجێ بکات لەکاتی پێویستیدا و بەشێوەیەکی پاك و گونجاو.

13– پێویستە دامەزراوەکانی خۆشۆردن پاکژی بە(دوش) ئامادەبکرێ و لەتوانای هەر بەندکراوێکدا بێت خۆی بشوات یان ناچاربکرێت بە ئاوی گەرم و سارد بەپێی پلەی گەرماو کەش و هەوا کە تەندروستی گشتی پێویستیەتی وە بەپێی وەرز و شوێنی جوگرافی ناوچەکە، هەفتەی جارێك بەلای کەمەوە لەکاتی کەش و هەوای مام ناوەندا.

16–بۆ ئەوەی بەندکراوەکان بتوانن پارێزگاری بکەن لەسەر ڕواڵەتێکی گونجاو و کە یارمەتیان بدات بۆ پەیداکردنی ڕێزی کەسوکارەکانیان،پێویستە بەندکراو ئاسانکاری پێویستی بۆ دابینکرێت بۆ بایەخدان بە قژو ڕیش . پێویستە بەندکراوی نێرینە ریش بتاشێ لەکاتی گونجاودا پێداویستییەکانی بۆ دابینکرێت.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

1/17– نابێت ڕێگە بدرێت بە بەندکراو بۆ لەبەرکردنی جلە تایبەتەکانی خۆی بەڵکو پێویستە کۆمەڵی جل و بەرگی بۆ ئامادەبکرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ کەش و هەوا و دەستبدات بۆ پاراستنی تەندروستی. و نابێ بەهیچ جۆرێك ئەو جل و بەرگانە ئابڕووبەربن ڕێزی پێوە دیاربێت.

2–پێویستە ئەو جل و بەرگانە پاك و خاوێن و پارێزراوبن لەبارێکی چاکدا وە دەبێ جلی ژێرەوە بگۆڕێ و بشۆرێت وەك پێویست بۆ پارێزگاری تەندروستیان.

3–لەباری نائاساییدا کاتێ کە ڕێگە دەدرێ بەبەندکراو بۆ چوونە دەرەوەی لەبەندیخانە بۆ مەبەستێکی ڕێگەپێدراو ئەوا ڕێگای دەدرێت بەرگە تایبەتیەکانی خۆی بپۆشێ یان بەرگێکی تر بەو مەرجەی سەرنج ڕاکێش نەبێت

18–کاتێ ڕێگە دەدرێت بەبەندکراوەکان بۆ لەبەرکردنی بەرگی تایبەتی خۆیان پێویستە لەکاتی هاتنە ژوورەوەیاندا بۆ گرتوخانە ڕێکخستنێك بکرێ بۆ دابینکردنی پاراستنی جل و بەرگەکانیان لەڕووی پاك و خاوێنی و شیاوی بۆ لەبەرکردنی.

19–هەموو بەندکراوێك بەپێی داب و نەرێتی ناوچەیی یان نیشتمانی پێویستە (قەرەوێڵەیەك)ی تاکی پێبدرێت لەگەڵ پێویستیەکان لەجێگەو دۆشەك و سەرینی تایبەتی بەپێی پێویست بەمەرجێك خاوێن بێت لەکاتی پێدانیدا و پارێزگاری لەشایستەیی بکرێ و بگۆڕێ لەوادەی نزیکدا ئەوەندەی کە خاوێنی بپارێزرێ.

خۆراك

1/20–کارگێری بەندیخانە لەکاتە ئاساییەکاندا هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی ژەمی خۆراك بە جۆرێك کە بەهای خۆراکی تەواوی تیادابێت بۆ پاراستنی تەندروستی و بەهێز، لەڕووی جۆرێتیەوە باش بێت و بەباشی ئامادەو پێشکەش بکرێت.

2–بۆ هەر بەندکراوێك توانای بەدەستهێنانی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە دابین بکرێ بۆ هەر کاتێك پێویستی پێبووە.

مەشقی وەرزشی

1/21–بۆ هەر بەندکراوێك کە لەدەروەی بەندیخانە کاری پێنەدرابێت مافی هەیە بەلایەنی کەمەوە یەك کاتژمێر لەهەموو ڕۆژێکدا کە ڕاهێنانی وەرزشی گونجاو بکات لەهەوای کراوەدا ئەگەر کەش و هەوا ڕێگەی ئەوە بدات .

خزمەتگوزاری پزیشکی

1/22–بۆ هەر گرتووخانەیەك پێویستە خزمەتگوزاری لایەنی کەم یەك پزیشکی کارامە دابین بکرێت بەجۆرێك هەندێك شارەزایی لەدەروونناسیدا هەبێت، بەشێوازێك پەیوەندیدار بێت بە کارگێری تەندروستی گشتی ناوچەکەوە یان نیشتمانیەوە.

2–بەڵام ئەو بەندکراوانەی پێویستیان بەچاودێری تایبەتی هەیە ئەوا دەگوێزرێنەوە بۆ گرتووخانەی تایبەتی یان نەخۆشخانەی شارستانی وە پێویستە کاتێك کەلەگرتوخانەکەدا ئەو خزمەتگوزاریانە هەبن کە لەنەخۆشخانەکاندا هەیە کەرەستەو ئامرازە بەرهەم هاتوەکانی دەرمانخانە کە بۆی دابین دەکرێ بەجۆرێك بێت بەپێی پێویستی چاودێرو چارەسەری پزیشکی

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

پێویست بیٚ بۆ بەندکراوە نەخۆشەکان وە هەروەها ئۆرگانی فەرمانبەرانی خاوەن کارامەیی پیشەیی گونجاوی تیادابێت.

3–پێویستە هەموو بەندکراوێك لەتوانایدا هەبێت پەنا بەرێتە بەر خزمەتگوزاری پزیشکێکی ددانی کارامە.

1/23–لەگرتووخانەی ژناندا پێویستە دامەزراوەی تایبەتی پێویستی هەبێت بۆ پێدانی چاودێری و چارەسەری پێش و پاشی منداڵ بوون و پێویستە لەهەر شوێنێکدا کەلەتوانادا هەبێت هەڵسوکەوتی گونجاو ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی وابکرێت منداڵەکان لەنەخۆشخانەیەکی مەدەنی و شارستانیدا لەدایك بن وە ئەگەر هاتوو ئەو منداڵەلەگرتووخانەکەدا لەدایك بووبێت نابێت لەبەڵگەنامەی لەدایك بوونیدا ئاماژەی پێبدرێت.

2–کاتیٚ رێگە دەدریٚ بەمانەوەی منداڵی ساوا لای دایکی لەگرتووخانە دەبێت کاری پێویست ئەنجام بدریٚ بۆ دابینکردنی دایەنگایەکی وەها کە کارمەندی راهێنراوی تیادا بێت بۆ ئەوەی منداڵە ساواکانی پێبسپێریت لەو کاتانەدا کە لەژێر چاودێری دایکیاندا نین.

24–پزیشك هەڵدەستیٚ بە پشکنینی هەموو گیراوێك (بەندکراوێك) لەنزیکترین کاتدا کە لەتوانادا هەبێت پاش چوونە ژوورەوەی بۆ گرتووخانە وە دوای ئەمەش پشکنینی بۆ ئەنجامدەدریٚ هەر کاتێك پێویست بیٚ، بەتایبەتی بۆ مەبەستی دۆزینەوەی هەر نەخۆشییەکی جەستەیی یان مێشکی کە ئەگەری بڵاووونەوەی هەبیٚ و هەموو رێکارێکی پێویست ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردن و دابڕینی ئەو بەندیانەی گومان دەکریٚ کە تووشی نەخۆشی درمی بووبن، هەروەها دەرخستنی لایەنەکانی کەموکوڕی جەستەیی یان مێشکی لەوانەی کە ڕەنگە دەبنە کۆسپ ئەگەر سەر لەنویٚ رانەهێنرێن و دەرخستەی توانای جەستەییان بۆ نەکرێت، بۆ کارکردنی هەر بەندکراوێك.

1/25–پزیشك رادەسپێردرێت کەوا چاودێری تەندروستی جەستەیی و دەروونی و ئەقڵیی هەموو نەخۆشێك بکات. پێویستە لەسەری ڕۆژانە چاوپێککەوتن بۆ هەموو بەندیە نەخۆشەکان بکات و هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی گومانی نەخۆش کەوتنیان لێدەکریٚ، هەر گیراوێکیش کە سەرنجی رادەکێشیٚ بە شێوەیەکی تایبەتی.

2– پێویستە لەسەر پزیشك کە راپۆرتێك پێشکەشی بەرێوەبەر بکات هەر کاتێك بۆی دەرکەوێت تەندروستی جەستەیی و ژیری بەندێك زیانی پێگەیشتوە یان زیانی پیٚ دەگات بەهۆی بەردەوام بوونی لەگیرانیدا یان لەبەر هەر بارودۆخێکی ئەو گرتووخانەیە.

1/26– پێویستە لەسەر پزیشك کە بەشێوەیەکی رێکخراو هەستێت بە چاودێریکردنی ئەم لایەنانەی لای خوارەوە وە هەروەها ئامۆژگاری بداتە بەرێوەبەر لەبارەیانەوە:

أ–بڕی خۆراك و جۆرەکەی و ئامادەکردنەکەی.

ب–ئاستی پەیڕەوکردنی رێسا تەندروستیەکان و پاکژی لەگرتووخانەدا و لەلای بەندیەکان.

ج–باری ئاودەستخانە و سارد و گەرمی و ڕۆشنایی و هەواگۆڕین لەگرتووخانەدا.

د–جۆر و خاوێنی جلو بەرگی بەندییەکان و پێداویستی جێگەی نووستنیان.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

ه–ئاستی پابەندبوون بە ڕێساکانی پەیوەندیدار بەپەروەردەی جەستەیی وەرزشیەوە،کاتێك مامۆستای وەرزش پەیوەندی بە پەروەردەی ناپسپۆر بێت یان کاتێ کە ڕێکخەری ئەم چالاکیانە پسپۆڕ نەبن.

2–بەڕێوەبەر بایەخ دەدات بەو ڕاپۆرت و ئامۆژگاریانەی کە پزیشك پێشکەشی دەکات بەپێی حوکمەکانی ماددەی (25–2) وە(26)، ئەگەر یەکیان گرت لەبۆچوندا بەخێرایی ڕێوشوێنی پێویست ئەگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئەگەر پێکنەهاتن لەبۆچوندا یان خۆد ڕێنماییە پێشنیارکراوەکان لەدەرەوەی بازنەی تایبەتمەندی ئەودا بوون پێویستە لەسەری یەکسەر ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات سەبارەت بە بۆچوونی تایبەتی خۆی، بۆچونەکانی پزیشکەکە هاوپێچ بکات بەراپۆرتەکەوە بۆ دەسەڵاتی باڵاتر خۆی.

سزادان

27–پێویستە توندو تۆڵی بگیرێتەبەر لەپاراستنی کۆکی و یاسادا بەڵام پێویستە ڕێگری زیاد لەپێویست نەگیریتەبەر بۆ پاراستنی ئاسایشی باش بەڕێوەبردنی ژیانی ئەو گروپە.

1/28–نابێت هیچ بەندیك بۆ بەرژەوەندی دەزگاکە لەکارێکدا بەکاربهێنرێت کەوا شێوازی تەمێکردن بگرێتەخۆ.

2–بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا نابێت ئەم ڕێسایانە پەیڕەو بکرێت بەشێوازێك ڕێگربێت لەبەردەمی سەرکەوتنی ئەو سیستمانەدا کە لەسەر بناغەی دەسەڵاتی خۆجێیەتی دانراوە، کە ئەمەش خۆی لەودا دەبینێتەوە هەندێ چالاکی و لێپرسراویەتی کۆمەڵایەتی وەرزشی سنوردار لەژێر چاودێری کارگێڕیدا بسپێرێ بەو بەندکراوانەی ڕێکخراون لەشێوەی کۆمەڵدا بۆ مەبەستی چارەسەرکردن.

29–دیاریکردنی ئەو خاڵانەی لای خوارەوە پێویستە بەیاسا بێت یان بەرێژەیەك بێت کە دەسەڵاتی کارگێڕی تایبەتمەند دایناب‌ێ:–

أ–ئەو ڕەفتارەی کە بە سەرپێچی تەمێکردن دائەنرێ.

ب–جۆرەکان و مادەی سزادانی تەمێکردن کە لەتوانادا هەبێ بسەپێنرێت.

ج–ئەو دەسەڵاتە تایبەتمەندەی کە بڕیار دەدات لەسەر سەپاندنی ئەم جۆرە سزایە.

1/30–هیچ بەندکراوێك سزا نادرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبێ یان ئەم سستمە کە ئاماژەی بۆ کرا وەهەروەها بەهیچ جۆرێك نابێت سزادان دووبارە بکرێتەوە بۆ یەك سەرپێچی.

2–هیچ بەندکراوێك سزا نادرێت تەنها پاش ئەو کاتە نەبێ کە ئاگادار دەکرێت وە بەسەرپێچیەی و هەلێکی تەواوی پێبدرێت بۆ پێشکەش کردنی داکۆکیکردن لەخۆی بەتەواوی، پێویستە لەسەر دەسەڵاتی تایبەتمەند هەستێت بە خوێندنەوەیەکی تێرو تەسەل بۆ حاڵەتەکە.

3–ڕێگە دەدرێت بەبەندکراو کاتێك کە پێویست بێت وە لەتوانادا هەبێت بۆ پێشکەشکردنی داکۆکی لەخۆکردن لەڕێگای وەرگێرەکەوە.

31–سزادانی جەستەیی یان سزادان بە هێشتنەوە لەزیندانێکی تاریکدا وە هەر سزایەکی توندوتیژ و نامرۆڤانە یان پیشەیی قەدەغەکراوە،بەگشتی کە وەك سزای تەمێکردن بەکار بێت.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

1/32–بەهیچ جۆرێك دروست نییە سزای بەندكراو بدرێت بە زیندانكردنی تاكە كەسی یان كەمكردنەوەی ئەو خۆراكەی كە دەیدرێتێ تەنها پاش ئەوە نەبێت كە پزیشك پشكنینی بۆ بكات و بە نووسین شایەتی بدات لەسەر ئەوەی كە توانای بەرگەگرتنی ئەم جۆرە سزایەی هەیە.

2–هەمان رێگا پیادە دەكرێت بۆ هەر سزایەكی تر كە ئەگەری ئەوەی تیابێت زیان بگەیەنێت بە تەندروستی بەندكراو لەڕووی جەستەیی و ژیریەوە وە دروست نییە لەحاڵەتی دژوەستانی ئەم سزایانە لەگەڵ ئەو بنەمایەی لەرێسای (3،1)دا هاتووە یان دەرچوون لەمە.

3–پێویستە لەسەر پزیشك ڕۆژانە هەڵسێت بەسەردانی ئەو بەندكراوانەی كە ئەم جۆرە سزایانەیان بۆ دانراوە،وە ئاماژە بدات بە بەرێوەبەر بۆ راگرتنی سزاكە یان گۆرینی ئەگەر زانی ئەم كارە پێویستە لەبەر هۆكاری پەیوەندیدار، بەتەندروستی جەستەیی و ژیریەوە.

ئامرازەكانی كۆت و بەندكردنی ئازادی

ناشێت ئەو ئامرازانەی دەبنە هۆی كۆت و بەندكردنی ئازادی وەك زنجیر و تەوق و كۆت و جلی ئاسنین و بەستنەوە وەك هۆكاری سزادان بەكاربێت.

33–دروست نییە بەكارهێنانی ئامرازی رێگرتن لەسەربەستی وەك كۆت و پێوەند و زنجیر و جلوبەرگ، وەك هۆكاری سزادان جگە لەمەش دروست نییە بەكارهێنانی كۆت و زنجیر وەك هۆكاری رێگرتن لەسەربەستی، بەڵام بێجگە لەمانە هۆكارەكانی تری رێگەگرتن لەسەربەستی بەكارناهێنرێت تەنها لەم بارودۆخانەی لای خوارەوەدا نەبێت:–

أ–وەك هۆكارێك بۆ رێگەگرتن لەراكردنی بەندكراو لەكاتی گواستنەوەیدا بەمەرجێ ئەو هۆكارانە بگرێتەوە بە ئامادەبوونی بەندكراو لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری یان كارگێریدا .

ب–لەبەر هۆكاری پزیشكی لەسەر رێنمایی پزیشكی.

ج–بەفەرمانی بەرێوەبەر ئەگەر هۆكارەكانی تر سەركەوتوو نەبوو لەدامركاندنەوەی هەڵچوونی بەندكراو بۆ رێگرتن لەزیان گەیاندن بە خۆی یان بە كەسانی تر یان زیان گەیاندنی ماددی تر، پێویستە لەسەر بەرێوەبەر لەم حاڵەتەدا كە راوێژ بكات لەگەڵ پزیشكەكەدا، هەروەها پێویستە بابەتەكە ڕەوانەی لایەنی كارگێری باڵاتر بكرێت.

34–كارگێری بنكەكانی گرتووخانەكان ئەو لایەنەیە كەپێویستە نموونەكانی ئامرازەكانی رێگری لەسەربەستی دیاریبكات، هەروەها شێوازی بەكاهێنانیشی.

ئەم ئامرازانە نابێت بۆ ماوەی دووردرێژی زیاد لەپێویست (بەهەر بیانویەك بێت) بەكاربهێنرێت.

پێدانی زانیاری بە بەندیەكان و مافیان لەسكاڵا كردندا

1/35–هەموو بەندییەك لەكاتی كردنە ژوورەوەیدا بۆ بەندیخانە پێویستە زانیاری نووسراوی پێبدرێت سەبارەت بەو سستەمەی كە پەیڕەو دەكرێت بەسەر گروپە بەندكراوەكاندا. دەربارەی رێساكانی كۆككردن لەگرتووخانەدا، هەروەها ئەو شێوازانەی كە رێگەی پێدراوە بۆ داواكردنی زانیاری و پێشكەشكردنی سكاڵا، سەبارەت بەهەموو ئەو بابەتانەی تر كە پێویستن بۆ ئەوەی

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

بتوانێت مافی خۆی و ئەرکەکانی خۆی بەیەکسانی بزانێت، بۆ گونجاندنی خۆی لەگەڵ ژیانی گرتووخانەدا.

2–ئەگەر بەندکراو نەخوێندەوار بوو پێویستە ئەو زانیاریانەی بەشێوەی زارەکی پێبدرێت

1/36–پێویستە هەموو بەندکراوێك توانای پێشکەوتنی بۆ فەراهەمبکرێت لەهەموو ڕۆژێکی کاردا لەڕۆژەکانی هەفتە، بۆ پێشکەشکردنی داواکاری یان سکاڵا بۆ بەڕێوەبەری گرتووخانە یان فەرمانبەری ڕێگەپێدراو بە نوێنەرایەتی کردنی.

2–پێویستە بەندکراوەکان بتوانن داواکاری یا سکاڵا پێشکەش بکەن بۆ پشکینەری گرتووخانەکان لەکاتی بەسەرکردنەوەی پشکینەری لەگرتووخانەکەدا وە پێویستە ڕێگە بدرێت بەبەندکراوەکە ووتووێژ لەگەڵ پشکینەرەکەدا بکات یان هەر فەرمانبەرێکی تر کە پشکنینی پێ سپێردراوە بەبێ ئەوەی بەڕێوەبەری گرتووخانە یان هەر کەسێکی تر لەفەرمانبەران ئامادەی ووتووێژەکە بێت.

3–پێویستە ڕێگە بدرێت بەهەموو بەندکراوێك بۆ پێشکەشکردنی داواکاری یان سکاڵا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بنکەی گرتووخانەکان یان دەسەڵاتی دادوەری یان دەسەڵاتەکانی تر جگە لەم دووانە بەبێ ئەوەی داواکاریەکە یان سکاڵاکە بخرێتە ژێر چاودێریەوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەمەرجێك بەپێی ڕێ و شوێنی و لەڕێگای دیاری کراوەوە ئەنجام بدرێت.

4–ئەگەر داواکاریەکە یان سکاڵاکە زۆر بە ئاشکرا بێبایەخ نەبوو یان بێبنەما نەبوو پێویستە چارەسەر بکرێت بەبێ دواخستن و پێویستە وەڵام بدرێتەوە لەکاتی گونجاودا.

37–بەندکراو بەپێی ئەو سانسۆرەی سەربەستی ڕێگەی پێدراوە کە پەیوەندی بکات بەخانەوادەکەیەوە و بەو کەسانەوە کە ناوبانگی باشیان هەیە لەهاوڕێکانی لەماوەی جیاوازی ڕێکخراودا بەنامە یان ڕێکخستنی سەردان.

1/38–بەندکراوی بیانی هەندێك ئاسانکاری گونجاوی پێدەدرێت بۆ پەیوەندیکردن بەنوێنەرە دبلۆماسیەکان و وە کونسوڵگەریەکانی ئەو دەوڵەتەی کە بەندکراوەکە سەربەوە.

2–ئەو بەندکراوانەی کەسەر بەو دەوڵەتانەن کە نوێنەری دبلوماسی یان کونسوڵگەریان نییە لەو وولاتانەدا، هەروەها پەناهەندەکان و بێڕەگەزنامەکان پێویستە هەمان ئاسانکاریان بۆ بکرێت بۆ پەیوەندیکردن بە نوێنەری دیبلوماسی ئەو دەوڵەتەی کەلەسەریەتی چاودێری بەرژەوەندیەکانی ئەو دەوڵەتە بکات یان هەر دەسەڵاتێکی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی کە ئەرکەکەی پاراستنی ئەم جۆرە کەسانەیە.

39–پێویستە بەندکراوەکان ڕێگەیان پێبدرێت درێژەبدەن بە ئاگاداربوون بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەسەر ڕێرەوی ئەو ڕووداوانەی کە گرنگیان هەیە لەڕێگای ڕۆژنامەی ڕۆژانە یان دەوریەکانەوە یان هەر بڵاوکراوەیەکی تایبەت کە لەکارگێری گرتووخانەکانەوە دەردەکرێت یان گوێگرتن لەئیزگەی رادیۆیی یان لەڕێگەی پێدانی وانەوە یان هەر هۆکارێکی تری هاوشێوە کە کارگێری گرتووخانەکە ڕێگەی پێبدات یان لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا بێت.

پەرتووك

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

40–هەموو گرتووخانەیەك پێویستە كتێبخانەیەكی تایبەتی بۆ دابین بكرێت بۆ هەموو گروپەكان لەبەندكراوەكان بەجۆرێك كە برێكی باشی لەپەرتووكی كات بەسەربردن و رۆشنبیری بەیەكسانی تێدا بێت، هانی بەندكراوەكان بدرێت بۆ سوود وەرگرتن لەوانە هەتا دوورترین سنووری لەتوانادا بوون.

## ئاین

1/41–ئەگەر بەندیخانە ژمارەیەكی زۆر لەبەندكراوی تیادا بوو كە باوەڕدارن بەیەك ئاین هەبوو،پێویستە نوێنەرێتی ئەم ئاینە دیاری بكرێت یان بڕیاربدرێت لەسەر دیاریكردنی، بەمەرجێ ئەو كەسە لەتوانایدا ببێت ئەم كارە جێبەجێ بكات، پێویستە ئەو دامەزراندنە لەسەركار بۆ هەموو كاتەكە بێت ئەگەر ژمارەی بەندكراوەكان وا بخوازێت، هەروەها بارودۆخ رێگەی پێبدات .

42–رێگەدەدرێت بە نوێنەری دیاریكراو یان ئەو كەسەی بڕیاری دیاریكردنی دراوە بەپێی بڕگەی/1 كە هەستی بەئەنجامدانی نوێژەكان بەرێكو پێكی، هەروەها هەستێت بە رێكخستنی سەردانی تایبەتی بەندكراوەكان لەكەسانی سەر بە ئاینەكەی بۆ دڵراگرتنیان. (رعایە)كردن ئەمەش لەهەر كاتێكدا كە گونجاوبێت.

3–رێگە ناگیرێت لەهیچ بەندیەك كە پەیوەندی بكات بە نوێنەری شایستەی هەر ئاینێكەوەو لەبەرامبەر ئەمەشدا رێزی بۆچوونی بەندیكە بەگشتی دەگیرێت ئەگەر ئەو لاری هەبێت لەهەڵسانی هەر نوێنەرێكی ئاینی كە سەردانی بكات.

42–رێگە دەدرێت بەهەموو بەندكراوێك هێندەی لەتوانادا هەبێت كە هەستێ بە ئەركەكانی ژیانی ئایینی خۆی بەئامادەبوونی ئەو توێژەرانەی كە دەپەسرێت لەگرتووخاندا. هەروەها بەهەبوونی ئەو پەرتووكانەی كە باس لەكەشە ئاینیەكانی ئەو دەكات، پەروەردەی ئاینی ئەوەی كە لەلایەنی تیرە و هۆزە ئایینەكەیەوە دەگرێتەبەر

## پاراستنی شتومەكی بەندكراوەكان

1/43–كاتێك كە سیستمی گرتووخانەكە رێگە نادات بەبەندكراو كە شتومەكە تایبەتمەندەكانی وەك پارە و شتی گرانبەهاو جلو بەرگ و شتی تر كەلای خۆی بیپارێزێ پێویستە بۆی بپارێزرێ لەشوێنێكی شیاودا. لەكاتی هاتنە ژوورەوەیدا بۆ بەندیخانەكە لیستێك دەكرێ بەو شتومەكانە وە لەلایەن بەندكراوەوە واژوو دەكرێت و رێگای پێویست دەگیرێتە بەر بۆ هێشتنەوەی ئەو شتومەكانە لەبارێكی باشدا.

2–لەكاتی ئازادبوونی بەندكراودا ئەو پارەو پێویستیانەی بۆ دەگەڕێنرێتەوە،جگە لەوەی كە خۆی رێگەی داوە بەخەرجكردنی لەماڵ یان ئەوەی كە بنێرێتە دەرەوە لەشتومەك یان ئەو شتانەی لەڕووی تەندروستیەوە پێویستە لەناوببرێت وەك جلوبەرگی بەندكراو واژووی دەكات، لەسەر پسوڵەی پارەو ئەو پێویستیانەی كە بۆ گەڕێنراوەتەوە.

3–ئەم شێوازە هەڵسوكەوتە پیادە دەكرێت بۆ ئەو پارانەی یان ئەو پێویستیانەی دەنێرێت بۆ بەندكراو لەدەرەوەی گرتووخانەوە.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

4– ئەگەر بەندکراو لەکاتی هاتنە ژوورەوەیدا بۆ بەندیخانە هەر جۆرە داوو دەرمانێکی پێبێت ئەوا پزیشکی گرتووخانە بڕیار لەسەر چارەنووسی دەدات.

**ئاگادارکردنەوە لەڕووداوەکانی مردن یان نەخۆشی یان گواستنەوە یان.......هتد**

1/44–ئەگەر بەندکراو کۆچی دوایی کرد یان تووشی دەردێکی سامناك بوو یان تووشی ڕووداوێکی سامناك بوو یان گوێزرایەوە بۆ دامەزراوەیەك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونی و ئەقڵییەکان، ئەوا بەڕێوەبەر یەکسەر خێزانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر خێزانداربوو، ئەگەر نا ئەوە نزیکترین کەس لەکەسوکاری، لەهەموو حالێکدا هەر کەسێکی تر کە بەندکراو خۆی داوای ئاگادارکردنەوەی کردبێت.

2–بەندکراو یەکسەر ئاگادار دەکرێت لەهەر ڕووداوێکی مردن یان دەردێکی سامناك بۆ کەسێکی نزیکی، ئەگەر نەخۆشی ئەو کەسە زۆر سامناك بوو ڕێگە دەدرێت بەبەندکراو ئەگەر بارودۆخ ڕێگە بدات بەسەردانی بۆ کلینیکەکە (نەخۆشخانەکەی) بە هاوڕێیەتی پاسەوانێك یان بەبێ پاسەوان .

3– هەموو بەندکراوێك مافی ئەوەی هەیە کەبە خێرایی خێزانەکەی ئاگاداربکرێتەوە لەگرتنی یان گواستنەوەی بۆ بەندیخانەیەکی تر.

**گواستنەوەی بەندکراوەکان**

1/45–کاتێك بەندکراو دەگوێزرێتەوە بۆ بەندیخانە یان لەوێوە بۆ بەندیخانەیەك، پێویستە نەخرێتەوە بەرچاوی جەماوەر تا لەتوانادا بێت ئەم کارە لەکەمترین شێوەدا ئەنجامبدرێت وە پێویستە ڕێ و شوێن بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی لەجنێوی خەڵك و سەرکێشەکانیان. هەروەها نابێت بەهیچ شێ،ەیەك بەئاشکرا بگوازرێتەوە.

2–پێویستە ڕێگە نەدرێت بەندکراوەکان لەبارو دۆخێکی خراپدا بگوێزرێتەوە لەڕووی هەوا و گۆڕینی ڕۆشنایی یان هەر هۆکارێك کە سەختییێکی جەستەیی بسەپێنێ بەسەریاندا کە پێویست نەبێ.

3–پێویستە گواستنەوەی بەندکراوەکان لەسەر خەرجی کارگێری ئەنجامبدرێت و بە یەکسانی پیادەبکرێت لەناویاندا بەگشتی.

**فەرمانبەرانی گرتووخانە**

1/46–پێویستە لەسەر کارگێری گرتووخانە کە فەرمانبەرەکانی بە هەموو پلەکانیەوە بە بایەخەوە هەڵبژێرێت، لەبەرئەوەی دەست پاکیان و مرۆڤ دۆستیان و لێهاتوویە پیشەییەکانیان و توانا کەسایەتیەکانیان بۆ کارکردن بناغەیەکە بۆ باش بەرێوەبردنی دەزگا سزاییەکانیان.

2–پێویستە لەسەر کارگێری گرتووخانەکە بە بەردەوامی ئێشگری بکەن بۆ ووریا کردنەوەو دروستکردنی باوەڕ لای فەرمانبەرەکان، لای رای گشتی کەوا ئەم کارە خزمەتگوزاریەکی کۆمەڵایەتی ئیجگار گرنگە. پێویستە لەسەری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەموو هۆکارە گونجاوەکانی بەرچاو ڕۆشنکردنی جەماوەر بگرێتەبەر .

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

3–بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی لەپێشەوە ئاماژەی بۆ کرا فەرمانبەری گرتووخانە لەسەر بناغەی کارکردنی پیادەکراو دادەمەزرێن ،بەو پێیەی فەرمانبەری پیشەوەری بەندیخانە وەك فەرمانبەری مەدەنی تەماشا دەکرێن، ئاسایشی کاریان بۆ دابین دەکریٚ لەئەنجامدا بێئەوەی جگە لەڕەوشت جوانی و لیٚ هاتوویی و کارامەیی جەستەیی و زیاتریان لیٚ داوابکریٚ، پێویستە کرێی گونجاو دیاری بکرێت بەجۆرێك کە کەسە بەتواناکان لەپیاوان و ژنان رابکێشرێت بۆ ئەو بوارە.

هەروەها پێویستە تایبەتمەندیەکانی پیشەوەریی و بارودۆخی ژیانیان دیاریبکرێت بەشێوازێکی سروشتی کارە سەختەکەیان ڕەچاو بکریٚ.

1/47–پێویستە فەرمانبەران ئاستێکی باشی ڕۆشنبیری و هۆشیاریان هەبێت .

2–پێش دەستکردن بە راژەی فەرمانبەران پێویستە خولێکی راهێنانیان لەسەر کارە گشتی و تایبەتیەکانیان بۆ بکرێتەوە، پێویستە لەسەریان بە تاقیکردنەوەی پراکتیکی و تیۆریدا تێپەڕن.

3–پێویستە لەسەر فەرمانبەران پاش دەست بەکاربوونیان بەدرێژایی کارکردن لەپیشەکەیاندا کەوا لەزانیاری و لێهاتووی پێشەییاندا ڕۆبچن و بەرزی بکەنەوە بەهۆی ئامادەبوونیان لەخولی راهێنان کەلەکاتی راژەدا رێکدەخرێت لەماوەی گونجاودا.

48–پێویستە لەسەر هەموو فەرمانبەران کەوا هەڵسوکەوتیان بە کارەکانیان بەجۆرێك بێت ببێتە پێشەنگی باش بۆ بەندکراوەکان. ببێتە مایەی رێزیان لەبەرچاویان.

1/49–پێویستە ئۆرگانی فەرمانبەران بەپێی توانا ژمارەیەکی تەواو بگرێتە خۆی لەپسپۆران وەك پزیشکی مێشك و زانای دەروونناسی و توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستایان و مامۆستایانی پیشەیی.

3–مسۆگەر کردنی خزمەتگوزاریەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستاکان و مامۆستا پیشەییە سەربەستەکان لەسەر بناغەی بەردەوامی، بەڵام بەبیٚ وەلانانی ئەو کارمەندانەی بۆ هەندێك کات کاردەکەن یان کارمەندانی خۆبەخشن.

1/50–پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری بەندیخانە خاوەنی بڕیاری شیاو بیٚ لەکارامەیی ئەرکەکەیدا لەلایەنی رەفتارو لێهاتوویی کارگێری و راهێنانی گونجاو و شارەزاییەوە.

2–پێویستە هەموو کاتەکانی بۆ ئەرکە رەسمیەکەی تەرخان بکات، نابیٚ دامەزراندنی لەسەر بنیاتی هەندیٚ کات بێت.

3–لەسەریەتی یان دەبیٚ لەناو گرتوخانەکەدا جێنشین بێت یان نزیکی بێت و لەتەنیشتیەوە بێت.

4–ئەگەر هاتوو دوو بەندیخانە خرایە ژێر دەسەڵاتی یەك بەرێوەبەر لەسەریەتی سەردانی هەردووکیان بکات و کاتەکانی نزیك بن لەیەکەوە، پێویست دەکات سەرۆکایەتی هەر دوو بەندیخانەکە بکات، لەجیاتی بەرێوەبەر لەرێیی فەرمانبەرێکی لێپرسراوەوە.

1/51–پێویستە بەرێوەبەر و جێگرەکەی و زوربەی فەرمانبەرانی بەندیخانەکە توانای قسەکردنیان هەبێت بە زمانی زۆربەی بەندکراوەکان یان بە زمانیٚ قسە بکەن کە زۆریان لێی تێبگەن.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

2–هەر کاتێ پێویست بوو هانا دەبەن بۆ خزمەتگوزاری وەرگێڕێك.

1/52–لەو بەندیخانەیەی کە بە شێوەیەکی فراوان کە پێویستی بە خزمەتگوزاری پزیشکیی هەیە، یان زیاتر بەتەواوی کات و پێویست دەکات بە مانەوەی یەکێکیان بەلای کەمەوە لەناو بەندیخانە یان لەنزیکیەوە.

2–بەلاّم لەبەندیخانەکانی تر لەسەر پزیشکە کە هەڵسێ بەسەردانی ڕۆژانە یان شوێنی مانەوەی لەنزیك لەبەندیخانەکەوە بێت کە بتوانێت بێدواکەوتن لەکاتی ڕووداوی کتوپڕدا ئامادەبێت.

1/53–لەبەندیخانە تێکەڵاوەکاندا، کە بەکارهاتووە بۆ نێرو مێ پێکەوە، ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ژنان لەبینای بەندیخانەکە لەژێر سەرۆکایەتی فەرمانبەرێکی ئافرەتی لێپرسراودا بێت، کلیلی هەموو دەرگاکانی ئەو بەشە لەئەستۆیدا بێت.

2–هیچ فەرمانبەرێکی نێرینەی گرتووخانە بۆی نییە بچێتە بەشی ژنان ئەگەر بە هاورێیەتی فەرمانبەرێکی مێینە نەبێت.

3–کاروباری چاودێریکردنی بەندکراوانی مێینە و سەرپەرشتی کردنیان تەنها لەتایبەتمەندی فەرمانبەرانی ژنانی گرتووخانەیە، بەلاّم ئەمە رێگر نییە لەوەی فەرمانبەرانی نێرینە بەتایبەتی پزیشکان و مامۆستایان بچنە ئەوێ، تاکو بتوانن کاری پیشەیی خۆیان بکەن لەگرتووخانەدا یان لەو بەشانەی گرتوخانەدا کە تایبەتە بە ژنان.

1/54–نابێت فەرمانبەرانی بەندیخانە پەنابەرن بۆ توندوتیژی لەپەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەندکراوەکاندا، تەنها بۆ بەرگری نەبێت لەخودی خۆیان یان لەکاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن لەبەندیخانە یان بەرگری جەستەیی بەهێز یان سەرپێچی کردنێکی نەگەتیڤ بۆ کارێك کە پشت بەستووبێت بە یاسا یان بە سیستەمەکان، ئەو فەرمانبەرانەی کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن پێویستە لەسەریان کەبەکاری نەهێنن تەنها لەنزمترین سنووری پێویستیدا نەبێت و پێویستە بە خێرایی راپۆرتێك سەبارەت بەو ڕووداوە بۆ بەرێوەبەری بەندیخانەکە پێشکەش بکەن.

2–مەشقی جەستەیی تایبەت بۆ فەرمانبەارنی بەندیخانەکە ئامادەبکرێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەندکراوانەی کە هەڵسوکەوتی دژایەتی دەکەن زاڵ بن بەسەریاندا.

3–پێویست ناکات ئەو فەرمانبەرانەی کە کارو بارێك ئەنجامدەدەن پێویستی بە بەریەك کەوتنی راستەوخۆ هەیە لەگەڵ بەندکراوەکاندا کە چەکداربن، تەنها ئەگەر لەبارودۆخێکی نائاساییدا بێت لەگەڵ ئەمەشدا دروست نییە لەبەر هەر بارودۆخێك بێت چەك رادەستی هیچ فەرمانبەرێك بکرێت ئەگەر راهێنانی پێنەکرابێت لەسەر بەکارهێنانی.

55–پێویستە پشکنینی بەرنامەدار هەبێت بۆ دامەزراوەکانی بەندیخانە خاوەن ئەزموونەکان، لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندەوە دامەزرابن و پێویستە لەسەر ئەم پشکنەرانە بە تایبەتی ئەرکی دڵنیابوون لەوەی کە ئەم دامەزراوانە بە پێی یاساو سیستم بەرێوە دەبرێن وە بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی خزمەتگوزاری تەمێکردن و چاکسازی .

## بەشی دووەم

## بنەما پراکتیکیەکان بۆ گروپە تایبەتەکان :

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

### ئەلف–بەندکراوە تاوانبارەکان

56–ئەو بنەمایانەی ئاراستەکردن کە لەخوارەوە هاتوون ئامانجیان دەرخستنی ئەو گیانەیە کە پێویستە لەناو کارگێری بەندیخانەدا هەبێت. ئەو ئامانجانەی کە پێویستە کۆششی بۆ بکات، بە پێی ئەو روونکردنەوەیەی کە لەتێبینی بەرایی ژمارە (یەك)ی ئەم دەقەدا هاتووە.

57–بەندکردن و رێگاکانی تر کە ئەبنە مایەی دابڕینی تاوانکار لەجیهانی دەرەوە ڕێکارێکی دامەزراوەیین بەوەی کە مافی هەڵسوکەوتکردنی کەسێك بەخۆیەوە زەوتدەکات بەوەی بێبەشی دەکات لەسەربەستیەکەی خۆی لەبەرئەوە سیستمی گرتووخانە بۆی نییە ئەو ئەرك و ئازارانە زیاتر بکات کە بەهۆی ئەم حاڵەتەوە دروست دەبێت، تەنها لەسنووری هۆکارەکانی دابڕین و پاراستنی کۆککردندا نەبێت.

58–ئەو ئامانجەی کە بیانوو دەدا بەدەستەوە بۆ سزای گرتن، رێکارەکانی تری بێبەشکردن لەسەربەستی لەکۆتایی مەبەستەدا بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە لەتاوان، هیچ رێگایەکی تر نییە بۆ گەیشتن بەم جۆرە ئامانجە، مەگەر مادەی بەندکردن بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بەبەرزترین ئاستێك کە لەتوانادابێت بۆ ئەوەی تاوانکار وا لێبکات بە ئارەزووی خۆی بگەرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵ بۆ ژیانێك لەسایەی رێزی یاسادا وە پێویستیەکانی خۆی دابین بکات بە کۆششی خۆی نەك هەر ئەمە بەڵکو تواناشی هەبێت بەسەر ئەم کارەدا.

59– بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پێویستە سیستمی گرتووخانە پشت ببەستێ بەهەموو ئامرازەکانی چاکسازی ئەخلاقی، ئامرازی تریش، بە هەموو تواناکانەوە شێوازە گونجاوەکانی یارمەتیدان کە لەبەردەستدا بێت لەکۆشش کردن بۆ جێبەجێ کردنیان لەسەر رێو شوێنی پێداویستیەکانی چارەسەرکردنی تاکە کەسی بەندکراوەکان.

1/60–کەواتە پێویستە سیستمی بەندیخانەکان پەنا بەرێتە بەر ئەو رێگایانەی ئەبنە هۆی کەمکردنەوەی جیاوازیەکانی دروستدەبن، لەنێوان ژیانی بەندیخانەو ژیانی سەربەستی ئەوەی دەبێتە مایەی نزمکردنەوەی هەست بە لێپرسراوی کردن لای بەندکراوەکان، یان بەو رێزگرتنەی کە پێویستە هەبێت بۆ کەرامەتی مرۆڤ خۆی.

2–باشتر وایە پێش کۆتایی ماوەی سزاکان، سیستمەکە هەستێت بەوەرگرتنی رێکاری پێویست بۆ ئەوەی گەرانەوەیەکی هەنگاو لەدوای هەنگاو بۆ ژیانی ناو کۆمەڵ دابین بکات بۆ بەندکراوو ئەمەش ئامانجێکە کە پێگەیشتنی لەتوانادا هەیە بەپێی ئەو حاڵەتە. لەرێی قۆناغێکەوە رێخۆشکەر بێت بۆ ئازادکردنی بەندیەکە رێکبخرێت لەناو بەندیخانەکە خۆیدا، یان لەدامەزراوەیەکی دیکەی گونجاودا یان لەرێگای بەردانی لەژێر تاقیکردنەوەدا، لەگەڵ هێشتنەوەی لەژێر جۆرێك لەسەرپەرشتی چاودێریدا، کەناکرێت بسپێردرێت بە پۆلیس، بەڵکو پێویستە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چالاك بیگرێتە ئەستۆ.

61–لەچارەسەرکردنی بەندکراوەکاندا پێویست ناکات هەوڵەکان چڕبکەینەوە لەدوورخستنەوەیان لەکۆمەڵگا، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵبدرێت بۆ هێشتنەوەیان بەشێك لێی. بۆ ئەم ئامانجە پێویستی بە پەنابردن هەیە بە گوێرەی توانا بۆ ئەو پشتیوانیەی کە دەستەکانی

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

کۆمەڵگەی ناوچەیی ئەتوانیٚ دابینی بکات بۆ یارمەتیدانی ئیدارەی فەرمانبەرانی گرتووخانە بۆ سەرلەنویٚ کارامەکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ بەندکراوەکان، پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی هەبێت کۆمەکی هەموو دامەزراوەیەکی دەست بەسەردا گردن بکەن، کە پێییان دەسپێرێت هەستی بە کاروباری بەردەوام و باشکردنی هەموو پەیوەندیەکانی راستکراوەکانی بەندکراو بە خێزانەکەیەوە، هەروەها رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان کەسوودی باشیان هەیە بۆ رێوشوێن، هەروەها پێویستە پاراستن بگرێتەبەر بۆ بەندکراو هەتا دوا سنووری رێکەوتوو لەگەڵ یاسادا و لەگەڵ سروشتی سزاکەدا، پێویستە تا ئەو پەڕی سنوری گونجاو یاسا لەگەڵ رێکارکان بگیرێنەبەر بۆ پاراستنی مافەکانی بەندکراو، کە پەیوەندیان هەیە بە بەرژەوەندیە شارستانیەکانیەوە و سوودوەرگرتن لەدابینکردنی کۆمەڵایەتی، هەروەها هەموو جۆرەکانی تری تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی.

62- پێویستە لەسەر لایەنەکانی خزمەتگوزاری پزیشکی لەدامەزراوی بەندیخانەدا هەوڵبدات هەموو دەردو نەخۆشیە جەستەییەکان و ژیریەکانی بەندکراوەکان تۆمار بکات، هەروەها چارەسەری بکات بۆ ئەوەی نەبێتە کۆسپێك لەبەردەمی ئامادەکردنەوەیدا و پێویستە بەپێی ئەم ئامانجە هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری پزیشکی و نەشتەرگەری و دەروونی پێویست بۆ گیراو دابینبکرێت.

1/63-بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە پێویستی بە چارەسەری تاکەکەسی هەیە و لەپاش ئەودا دەبیٚ کار بەسیستمێکی ڕەوان بکریٚ بۆ پۆلین گردنی بەندکراوەکان بۆ گروپ.

لەبەرئەوە وا راستە کە ئەم گروپانە دابەش بکرێن بەسەر دەزگای جیاوازدا کە هەر گروپێك بتوانیٚ چارەسەری گونجاوی تیابەدی بکات.

2-پێویست ناکات لەهەر دەزگایەکدا هەمان ئەندازە لەپێویستیەکان و ئاسایش بە رێژەیەك بۆ هەر گروپێك ئامادەبکرێت، بەڵکو وا راسترە جیاوازی پلەی ئەم ئاسایشە بەپێی پێویستیەکانی گروپە جیاکان بێت و دەرگای بەندیخانەکان کراوەبن، بەهۆی ئەوەوە سنووری ماددی دانانریٚ کە رێگربێت بۆ هەڵاتن، بەڵکو بەپشتبەستن بە کۆکی بەندکراوەکە خۆی. کاتێك ئامادەدەکریٚ کە بەندکراوەکان هەڵدەبژێرێن بۆ دیاریکردنی چاك لەم تاقیکردنەوەدا بەووردی و تا باشترین بارودۆخ سەرلەنویٚ ئامادەبکرێنەوە.

3-چاکتر دەبیٚ کە لەحاڵەتێکدا دەرگای بەندیخانە داخرابێت، ژمارەی بەندییەکان ئەوەندە نەبێت لەزۆریدا کە رێگربێت بۆ کاری چارەسەری تاکەکەسی. لەهەندێك وڵاتان رایان وایە کە نابێت ژمارەی ئەو بەندیانە لەپێنج سەد کەس زیاتربێت، بەڵام لەو بەندیخانانەی، دەرگاکان واڵایە دەبێت ژمارەی گرتووەکان کەم بێت بەپێی توانا.

4-ئەوە راست نییە دامەزراندنی بەندیخانەکە قەوارەکەی وابێت نەتوانرێت کار ئاسانی بۆ پێویستیەکانی بکرێت.

64-ئەرکی کۆمەڵ بەوە کۆتایی نایەت کە بەندکراو ئازاد بکرێت. لەبەرئەوە پێویست دەکات کە دەزگا حکومیەکان یان تایبەتییەکان بتوانن بۆ ئەو بەندکراوانەی ئازاد دەکرێن چاودێرێکی

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

سەرکەوتوویان بۆ ئەنجامبدرێت، کە ئامانجی کەمکردنەوەی هەڵوێستی دژایەتیکردن بێت و ڕێگەی بۆ خۆش بکات کە پلەوپایەی لەنێوان کۆمەڵدا وەربگریتەوە.

## چارەسەرکردن

65–ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی فەرمانی بەندکردنیان بەسەردا دراوە یان فەرمانی ڕێکارێکی هاوشێوەیان بەسەردا دراوە کەسەربەستییان لیٚ زەوتبکات پێویستە بە شێوەیەك بێت کە ئەوەندەی ماوەی بەندکردنەکە ڕێگەدەدات وزە ببەخشێت بەو کەسانەی کە ژیان بەسەردەبەن لەسایەی یاسادا. پێویستیەکانیان بە کۆششی خۆیان دابینبکەن، هەروەها وایان لێبکرێت توانایان هەبێت ئەو وزەیە بخەنەکار، پێویستە ئەم چارەسەرە بەرنامەی بۆ دابنرێت کە هانیان بدات بۆ ڕێزگرتن لەخۆیان و هەست بە لێپیرسراویکردن لەواندا گەشە بکات.

1/66– لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەدا پێویستە هەموو ئامرازێکی گونجاو بەکاربهێنرێت بە تایبەتی چاودێری ئایینی لەو وڵاتانەدا کە ئەم کارە لەتوانادا هەبێت. هەروەها فێرکردن و ئاراستەکردن و پێگەیاندن لەڕووی پیشەییەوە هەروەها شێوازەکانی کۆمەککردنی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی و ئامۆژگاریکردن لەبواری کرێکاریدا، وەرزشی جەستەیی و پێگەیاندنی کەسایەتی، بەپێی پێداویستیەکانی هەر بەندکراوێك. لەگەڵ ڕەچاوکردنی مێژووی کۆمەڵایەتی تاوانکاری بەندکراو، هەروەها توانا و بەهرە جەستەیی و ژیریەکانی و ئارەزووی کەسێتی خۆی، ماوەی سزاکەی، داهاتووی پاش ئازادکردنی.

2– پێویستە بەرێوەبەری بەندیخانە بۆ هەر کەسێك دێتە لایان لەوانەی کەفەرمانی بەسەردا دراوە بە سزایەکی وەها کە هەندێك درێژخایەن بێت لەنزیکترین هەلومەرجدا کە لەتوانادا بێت، ڕاپۆرتی تەواوی لەبارەی تەواوی ئەو لایەنانەوە کە ئاماژەی بۆ کرا لەبرگەی پێشوودا پێبگات. پێویستە هەمیشە کە ڕاپۆرتێك بگرێتەخۆ کە لەلایەن پزیشکی تایبەتمەندەوە ئامادەکرابێت لەبواری نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، بەپێی توانا سەبارەت بە باری جەستەیی و ژیری بەندکراوەکە.

3–ڕاپۆرتەکان و بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکان کە شیاون و پەیوەندیان بەبەندکراوەوە هەیە دەخرێنە دۆسیەیەکی تاکەکەسیەوە وە پێویستە ئەم فایلە تەواو بکرێت و پۆلین بکرێت بەهەموو شتێکی نویٚ. بە شێوازێك کە فەرمانبەرە لێپرسراوەکان بتوانن هەر کاتێك پێویستیان پێی هەبوو بگەرێنەوە بۆی.

## پۆلینکردنی گروپ و تاکەکەسی چارەسەر

67–مەبەستەکانی پۆلینکردنی گروپ ئەمانەن:–

أ–ئەو بەندکراوانەی لەوانەیە بەهۆی رابووردوی تاوانکاری یان دڕندەیی سروشتیانەوە کاریگەری خراپیان هەبێت جیابکرێنەوە لەوانی دیکە.

ب–بەندکراوەکان بکرێن بە گروپ بۆ ئاسانکردنی چارەسەریان بەهیوای سەرلەنویٚ ئامادەکردنەوەیان لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

68–بۆ چارەسەركردنی گروپە جیاوازەكان لەبەندكراوەكان بەپێی توانا ئەبێ بەندیخانەی جیاواز یان بەشی جیاواز لەیەك بەندیخانەدا بەكاربهێنرێت.

69–بۆ هەر بەندكراوێك كە بڕیاری بەسەردا درابێت بە سزایەك كە هەندێك درێژخایەن بێت. لەنزیكترین كاتدا كە لەتوانادا بێ پاش گەیشتنی وە پاش خوێندنەوەی كەسایەتیەكەی پێویستە بەرنامەیەكی چارەسەر دابنرێت. كە ئامادەكرابێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریەدا كە لەبارەی پێداویستیە تاكەكەسیەكانەوە وە تواناكانی وە هەوەسی دەروونیەوە دەستكەوتووە.

پێدراوەكان (داتا)

70–لەهەموو بەندیخانەیەكدا سیستمی پێدراو دادەنرێت كە گونجاوبێت لەگەڵ گروپە جیاوازەكانی بەندكراوەكان، بەرنامە جیاوازەكانی چارەسەر بۆ مەبەستی هاندانی بەندكراوەكان لەسەر چاك رەفتاری و گەشەكردنی هەست بە لێپرسینەوە كردن لەلایان، هەڵنانیان لەسەر بایەخدانیان بە چارەسەری خۆیان و پیشتیوانی كردنیان لەوەدا.

كاركردن

1/71–نابێت كاركردن لەبەندیخانە بەشێوەیەك بێت كە ئازارو ئەشكەنجەی تێدا بێت.

2–كاركردن دەبێت لەسەر هەموو بەندكراوەكانی كە حوكم دراون، بەپێی رێكوپێكی بەدەنیان لەگەڵ ژیریان بێت، ئەوەش پزیشك دیاریدەكات.

3–كاری بەرهەمهێنراو ئامادە دەكرێ بۆ بەندكراوەكان كە بەشی درێژایی ڕۆژێكی ئاسایی تەواو بكات.

4–دەبێت ئەم كارە تا ئەوپەڕی سنوری توانادا بێت، لەو جۆرە بێت كە تواناو رێزی بەندكراو زیاد بكات بۆ دابینی كردنی ژیانی بەدەستكەوتی چاك و پاكی باش بەربوونی لەبەندیخانە.

5–بواری مەشقكردنی پیشەیی بەسوود بۆ بەندكراوەكان دابین بكرێ بۆ ئەوانەی توانایان هەیە سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتی لاوەكان (گەنجەكان).

6–بەپێی ئەو سنوورەی كەپەیڕەو دەكرێ لەگەڵ هەڵبژاردنی كاری چاك و راست و پێویستی كارگێری بەندیخانەكەو كۆككردنی، بوار بدرێ بە بەندكراوەكان، توانای هەڵبژاردنی جۆری ئەو كارانەی كە ئارەزوویان لێیە بیكەن.

1/72–كاركردن لەبەندیخانە رێكدەخرێ و هەروەها دەبێت شێوەكەی نزیك بێت لەو كارانەی كە لەدەرەوەی بەندیخانە كاری پێدەكرێ، بۆ ئەوەی بەندكراوەكان ئامادەبكرێن بۆ ژیانێكی پراكتیكی سروشتی لەدەرەوەی بەندیخانە.

2–كاتێ بەندكراوەكان بەكاردەهێنن بۆ كاركردنێك كە نەخرێتە ژێر دەستی دەسەڵاتی كارگێری، بۆ ئامادەكردن پێویستە هەمیشە لەژێر سەرپەرشتی فەرمانبەری بەندیخانەدا بێت ئەگەر كار بۆ كارگێرە حكومیەكانی تر نەكات.

73–ئەگەر كاركردنەكە بۆ بەرژەوەندی فەرمانگە حكومییەكانی تر نەبێت، پێویستە لەسەر ئەو كەسانەی كەكارەكەیان بۆ دەكرێت، ئەبێت كرێی تەواو بدەن بەئیدارە، كەلەباری ئاساییدا وەردەگیرێت، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی داهاتی زیندانییەكانی تر.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

1/74–لەدامەزراوەی بەندیخانەدا هەمان پارێزگاری کەپێویستە بۆ پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی کرێکارە ئازادەکان بەکاردەهێنرێت.

2–لەکاتی بوونی ڕووداو یان نەخۆشی پێست ڕێ و شوێنی قەرەبووکردنەوە دەگرێتەبەر، بەمەرجێ لەوە کەمتر نەبێت کە یاسا دەیبەخشێ بە کرێکاری ئازاد.

1/75– کاتژمێری کارکردنی ڕۆژانە دیاری دەکرێ، بەلای کەمەوە یان هەفتانە بەپێی یاسا یان سیستمی کارگێری، لەگەڵ چاودێری سیستەم و داب و نەریتی ناوچەیی کە پەیڕەو کراوە لەبواری بەکارهێنانی کرێکاری ئازاددا.

2–مەرجە کەرۆژێك لەهەفتەیەکدا بۆ پشووی رەسمی دیاری بکرێت بۆ فێربوون و چالاکیەکان کە پێویست دەکات وەك بەشێك لەچارەسەری بەندکراوەکان و دووبارە ئامادەکردنیان .

1/76–بەندکراوەکان خەڵات دەکرێن لەسەر کارەکانیان بەپێی سیستمی کرێی گونجاو.

2–پێویستە ئەو سیستمە رێگەبدات بەبەندکراوەکان کە بەلای کەمەوە بەشێ لەکرێکەیان بەکاربهێنن بۆ کڕینی شتومەکی ڕێپێدراو بۆ بەکارهێنانی کەس و بەشەکەی تاکو بۆ خێزانەکانیان بنێرنەوە.

3– پێویستە لەسەر دەستەی کارگێری زیندان بەشێك لەو دەستکەوتەی زیندانی دەستی دەکەوێت کۆبکاتەوە ئەویش لەپاش ئازادکردنی پێی بدرێتەوە.

## فێربوون و خۆش گوزەرانی

1/77–رێکار وەردەگیرێ بۆ بەردەوام بوونی فێربوون بۆ گشت بەندکراوەکان کە توانایان هەیە بۆ سوود وەرگرتن لێی، لەوانە فێربوونی ئاینی لەو وولاتەی کە دەگونجێ تیایدا. پێویستە فێرکردنی نەخوێندەوارو نەوجەوانان بە زۆربێت، کارگێری بایەخی تایبەتی پێبدات.

2–فێرکردنی بەندکراوەکان دەبێت لەسنورێکدا بێت کە بتوانرێ جێبەجێ بکرێ لەڕووی کردارەوە، ورێك بکەویت لەگەڵ سیستمی فێربوونی گشتی لەو وولاتەدا، کە بتوانرێ پاش ڕزگاربوونیان لەبەندیخانە بە ئاسانی بەردەوام بن لەخوێندن.

78–لەهەموو بەندیخانەیەکدا چالاکی خۆش گوزەرانی و ڕۆشنبیری رێکدەخرێت لەپێناوی حەسانەوەی جەستەیی و دەروونی و ژیری بەندکراوەکاندا.

## پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چاودێری پاش بەندیخانە

79–توانایەکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستن و چاککردنی پەیوەندی گیراو لەگەڵ خێزانەکەی بەو ئەندازەیەی کە باش بێت بۆ هەردوولا.

80–لەسەرەتای جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاوە ئایندەی بەندکراو کە ئازاد دەکرێ لەبەندیخانە دەخرێتە بەرچاو و هاندەدرێت و یارمەتی دەدرێت کە بەردەوام پەیوەندی ببەستێت لەگەڵ کەسانی یان دەستەی دەرەوەی بەندیخانە،هەمووی لەپێناوی خزمەتی بەرژەوەندی خێزانەکەیەتی و ئاسانکاری دووبارە ئامادەکردنی کۆمەڵایەتی.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

1/81–لەسەر ئەو کارگێرانەو دەستە حکومیانە یان تایبەتانەیە کە یارمەتی ئەوانە بدەن کە لەبەندیخانە ڕزگاریان دەبێ بۆ گەرانەوەیان بۆ جێگری لەشوێنەکانیان لەکۆمەڵدا، هەوڵدەدرێ بە پێی توانا کە بەڵگەنامە و ناسنامە و پسوڵەی پێویستیان دەست بکەوێت و جێنشین و کاری گونجاو،جلو بەرگی گونجاو لەگەڵ وەرزش و کەش و هەوادا و ئامادەکردنی پێویستیەکانیان و دابینیکردنی ژیانیان بۆ ئەو ماوەیەی کە ئازاد دەبن لەبەندیخانە.

2–پێویستە بوار بدرێ بە نوێنەری ئەو ئۆرگانانەی کە پشتیان پێئەبەستێ سەردانی بەندیخانە بکەن و چاویان بەبەندکراوەکان بکەوێ و ڕاوێژیان لەگەڵ بکرێ سەبارەت بە پاشەڕۆژی بەندکراو لەسەرەتای جێبەجێ کردنی سزاکە.

3–هەروەها پەسەند دەکرێ کە چالاکی ئەو دەستانەی کە باسی لێکراوە مەڵبەندی و ڕێکوپێك بێت بە پێی توانا کە سوود لەئەو هەولانە وەرگرێ بە باشترین شێوە.

ب-  ئەوانەی تووشی شێتی و لەدەست دانی ژیری بوون

1/82–نابێت کەس بمێنێتەوە لەبەندیخانە ئەگەر هات و زانرا کە ژیری لەدەست داوە یان مێشکی تێکچووە، بەڵکو پێویستە رێکاری بۆ بکرێ بۆ گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی مێشکی.

2–ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی یان دیاردەی ژیری لەدەستدان دەبن دەبێ بخرێتە ژێر چاودێری پزیشکی.

3–ئەو جۆرە کەسانە بە درێژایی مانەوەیان لەبەندیخانە دەخرێنە ژێر چاودێری و چارەسەر لەچارەسەرگەی تایبەتمەند و لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەتدا.

4–کارگێری پزیشکی یان دەروونی لەبەندیخانەکاندا دەبێت چارەسەری تەواو دابین بکەن بۆ بەندکراوەکانی کە پێویستیان بەو جۆرە چارەسەرە هەیە.

83–باش وایە کەبە رێککەوتن لەگەڵ ئۆرگانی تایبەتدا رێگا بگرێتە بەر بۆ بەردەوامییەتی چارەسەری دەروونی بۆ بەندکراوەکان و پێشکەش کردنی یارمەتی کۆمەلایەتی و دەروونی بۆیان پاش ئازادکردنی لەکاتی پێویستیدا.

ج–گیراوەکان یان دەستە گیراوەکان بەمەبەستی دادگایکردنیان

1/84–لەم بڕگانەی خوارەوە ووشەی (تۆمەتبار) بەو کەسە دەوترێ کە دەگیرێ بەشێوەیەکی کاتی یان بەهۆی سەرپێچی یاسای سزادان و دەخرێتە ئەستۆی پۆلیس یا بەندیخانە بەلام هێشتا دادگا بڕیاری لەسەر نەداوە.

2–تۆمەتبار بەبێ تاوان دائەنرێ و لەسەر ئەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ .

3–پێویستە ئەوانە بە سیستەمی مامەڵەی تایبەتی کاریان لەگەڵدا بکرێ بەبێ لادان لەو رێنماییە یاسایانەی کە بەستراوە بە پاراستنی سەربەستی تاکەوە یان ئەو دەقە پێویستە پەیڕەو بکرێ و جێبەجێ بکرێت لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی کە رێنماییەکانییان دیاری کردووە کە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی لای خوارەوە هاتوون.

1/85–تۆمەتبارەکان لەبەندکراوە فەرمان بەسەردادراوەکان جیادەکرێنەوە.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

2–تۆمەتبارە نەوجەوانەکان لەپێگەیشتووەکان جیادەکرێنەوە، پێویستە وەك بنەمایەك کەلەدامەزراوەی جیاکراوەدا گل بدرێنەوە.

86–تۆمەتبارەکان پێویستە بکرێنە ژووری نووستنی تاکەکەسیەوە بەڵام بە ڕەچاوکردنی نەریتی ناوچەیی جۆراوجۆرەوە پابەندبن بە گوێرەی کەش و هەوا.

87–تۆمەتبارەکان بۆیان هەیە ئەگەر ئارەزوویان لێبوو لەو سنورەدا کە دێتەوە لەگەڵ باش بەرێوەچوونی سیستمی دامەزراوەکەدا کە هەر خواردەمەنیەك داوا بکەن لەسەر خەرجی خۆیان و خواردنەکانیان لەدەرەوە بۆ بهێنن یان بە هۆی کارگێری بەندیخانەوە یان خواردن پێدانیان بگرێتە ئەستۆ.

1/88–ڕێگە دەدرێت بە تۆمەتبار بەرگە تایبەتەکانی خۆی بپۆشێ ئەگەر خاوێن بوون وە شایستە بوون.

2–بەڵام ئەگەر بەرگی بەندیخانەی ویست پێویستە جیاوازبێت لەگەڵ ئەو بەرگە یەکگرتووە کە لەلایەن بەندکراوە فەرمان بەسەردادراوەکانەوە دەپۆشرێت.

89–پێویستە هەمیشە هەلی کارکردن بدرێت بە تۆمەتبار بەڵام نابێت بسەپێنرێ بەسەریا.ئەگەر کارکردنی هەڵبژارد پێویستە کرێی بدرێتێ لەسەر کارەکەی.

90–ڕێگە دەدرێت بە هەموو تۆمەتبارێك لەسەر خەرجی خۆی یان لەسەر خەرجی کەسانی تر. لەسنووری پەسەندکراوی بەرژەوەندی ڕاگرتنی دادوەری و لەگەڵ ئاسایشی بەندیخانەو سیستمی فەرمانگەکەی کە بەدەستی بهێنێت هەرچی ئەخوازێ لەپەرتووك و ڕۆژنامەو ئامرازی نووسین و هۆکارەکانی دیکە بۆ کات بەسەربردن.

91–ڕێگا دەدرێت بە تۆمەتبار کە سەردان بکات وە چارەسەر بکرێت لەلایەن پزیشکی ددانی تایبەتی خۆیەوە.ئەگەر داواکاریەکەی بیانووی پەسەندکراوی هەبوو وە لەتوانایدا هەبوو کە خەرجیەکانی کە تێیئەچێت بیدات.

92–ڕێگا دەدەرێت بە تۆمەتبار کە یەکسەر خێزانەکەی ئاگادار بکات لەدەست بەسەردا گرتنەکەی، هەموو ئاسانکارییەکی پەسەندکراوی بۆ دەکرێت بۆ پەیوەندیکردن بە خێزانەکەی و هاورێکانیەوە یان پێشوازیکردنیان بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی بۆ دابنرێ بێجگە لەو مەرجی پابەندبوون بە ڕێگری و چاودێری پێویست بۆ بەرژەوەندی ڕاگرتنی دادوەری و ئاسایشی بەندیخانەو سیستمی کارگێریەوە .

1/93–ڕێگا دەدرێت بە تۆمەتبار بۆ مەبەستی داکۆکی لەخۆکردن کە ناوی پارێزەرێك بدات کە دادگا بەبێ بەرامبەر دیاریدەکات لەکاتێکدا کە بە دەقی یاسا لەتوانادا بوونی ئەو کارە چەسپابێت. هەروەها بۆی هەیە پارێزەرەکەی سەردانی بکات بۆ مەبەستی ئامادەکردنی داکۆکیکردنەکانی. هەروەها زانیاری نهێنی بداتێ.

2–بۆ ئەم مەبەستەش مافی ئەوەی هەیە کە ئامرازەکانی نووسینی بدرێتێ ئەگەر داوای کرد. دروستە ئەو بەیەکگەیشتنانە لەنێوانی تۆمەتبارو پارێزەرەکەیدا. بەبەرچاوی پۆلیس یان فەرمانبەری بەندیخانەوە بێت بەڵام بەبێ ئەوەی گوێ بیستی بن.

Please purchase PDFcamp Printer on http://www.verypdf.com/ to remove this watermark.

### د–بەندكراوەكان بەپێی یاسای شارستانی

94–لەو وڵاتانەی كە یاساكان رێگە دەدەن بە بەندكردن لەپێناو قەرزاریدا یان بە بڕیارێك لەدادگا لەهەر داوایەكی كە جگە لەسزایی، نابێت بەندكراوەكان بخرێنە ژێر كوت و بەستنەوەی توندوتیژی كە زیادەڕەوی بێت لەوەی پێویستە بۆ رانەكەن و ئاسایش پارێزان ،پێویستە مامەڵەكردن لەگەڵیاندا كەمتر نەبیٚ لەوەی دراوە بەبەندكراوەكان كە حوكم نەدراون بەدەر لەوەی كە ناچاریان بكەن بۆ كاركردن .

95–نابیٚ سەرپێچی حوكمی ماددەی /9 لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و رامیاری بكرێت، ئەو كەسانەی كە گیراون بە (كاتی) یان (دەست بەسەرن)، بەبێئەوەی تۆمەتیان ئاراستە بكرێت بە هۆی پاراستنی كە لەبەشی یەكەم و لقی (ج) لەبەشی دووەم هاتووە، هەروەها ئەو حوكمە گونجاوەی لەلقی(ئەلف) لەبەشی دووەم جێبەجیٚ دەبێت لەسەریان .

بەمەرجێك هیچ جۆرە رێكارێك نەگرێتە بەر كە لەناوەڕۆكدا هەبێت كەسەرلەنویٚ فێركردن یان سەرلەنویٚ ئامادەكردن بكریٚ بەهەر شێوەیەك بێت گونجاوبن بۆ كەسانێك كە تاوانبار نەكرابن بە هیچ تاوانێكی سزایی